کوردستان... عومرەکارەکی کورد لە سعودیە کۆچی دوایی کرد

تۆها سەعید ئەحمەد، بەڕێوبەری نوسینگەی حەج و عومرەی پارێزگای سلێمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی، بەرەبەیانی ئەمڕۆ شەممە، عومرەکارەکی کورد بەناوی (سەرگوڵ عەبدوڵا حەمە کەریم) لە شاری مەدینەی سعودیە کۆچی دوایی کرد.

ئەوەشی خستەتەڕو، ئەو عومرەکارە ڕۆژی 16ی ئەم مانگە جەدەی دەماخ لێیداوەو ئەمڕۆ دوای مانەوەی نزیکەی 11 ڕۆژ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کردوە.

هەمای بە ئەوەش کردوە، ئەم عومرەکارە خەڵکی پارێزگای سلێمانی و تەمەنی لە سەروی (79) ساڵییەوە بوەو بەیاریشە تەرمەکەی هەر لە شاری مەدینە بەخاک بسپەردرێت.